بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی دووسەد ژمارەی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

ڕامان لە دووڕەوە.. بەڵام هەمیشە نزیک!

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)

یادەوەری ئاشنابوونی تەواوەتیم بە گۆڤاری ڕامان کاتێک دەست پێ دەکا، کە نزیکەی دوو سێ ساڵێک بوو گەیشتبوومە سوێد، بەڵام زۆر پێشتر و کاتێک وردە وردە ئێمەمانان تازەکی سەرمان لە هێلکەی خوێندنەوە و دەم لە نووسین دان، دەجووقا، کاک ئازاد عەبدولواحید- م ناسیبوو، واتە ڕامانم لە دووڕەوە ناسی و کاک ئازاد - یش لە نزیکەوە، بەڵام ئەو هەردوو ناسینانە، گەرچی ئەمیان لە دووڕەوە و ئەویان لە نزیکەوە بوو، بەڵام لەو ئاشنابوون و ناسینانەن، کە هەردووکیان وەک یەک بۆ من، پڕن لە یادەوەری جوان و ڕێز و شانازی و وەفا.

لە دەرفەتی پێشووتر و لە وتووێژێکمدا هەر لەم گۆڤاری "ڕامان"ـەدا، ئاماژەم بە ڕۆڵی کاک ئازاد عەبدولواحید و کاک فوئاد عەبدولڕەحمان دا لە کۆتایی دەیەی حەفتاکانی سلێمانی و مامۆستا مەحموود زامدار لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی بەغدادا، بە تایبەتی لە بەسەرکردنەوەی ئێمەی گەنجان و هاندان و سەرنج و ڕووپێدان و دەسگیرۆیی کردنمان لە سەرچاوە دۆزینەوە و کتێب پێداندا، دابوو. ئەوان گەرچی چ بە تەمەن گەورەتر و چ بە نووسین لە ئێمەمانان زۆر هەڵکشاوتر بوون، بەڵام ئەوەندە بە هاوڕێی خۆبانیان دەزانین کە بیرمە تەنانەت جارێکیان کاک ئازاد بۆ مالّە سادەو ساکارەکەی خۆیشی داوەت کردین.

مرۆڤ کاتێ وڵات جێ دێلّێ و دوور دەکەوێتەوە، پاشان کە لەوێوە بەسەر پانۆراما سیاسی و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییەکەی وڵاتدا دەنۆڕێ، وردتر و ڕۆشنتر شتەکان دەبینێ و هێور و لەسەرخۆتر دەستنیشانی جوانی و ناشیرینییەکانی بۆ دەکرێ، بۆیە وا دەڵێم، چونکە من لەوێوە بەر کەمە جوانیگەلێکی ناوەندە ئەدەبییەکەی ناو وڵات کەوتم، کە ڕاشکاوانە دەڵێم یەکێکیان "ڕامان" بوو، جوانییەک کە لەمەوبەر و کاتێ لە کوردستان بووم، نەمبینیبوو. دەشێ ئەوەش بەشێکی زۆری لەبەر ئەو قەرەبالّغی و ژاوەژاوە زۆرانە بێ، کە وا دەکات مرۆڤ لە زەمەنی بێ بەهاکردنی نووسین و بینیندا، شیرازەی ڕوانین و لۆژیکی جوانی و ناشیرینییەکانی لەلا تێکەڵوپێکەڵ و شلۆێ ببێت.

ئەمڕۆ دوای دەرچوونی ٢٠٠ ژمارە لە گۆڤاری ڕامان، بە شانازییەوە دەڵێم ڕامان، نەک هەر سەرنجی ڕاکێشام و ناسیم و چێژم لێی برد، بەڵکو دڵیشی بۆ تەنیایی کوردبوون و نووسەربوون دامەوە و شتێک لەو متمانەیەی کە تاراوگە لە مرۆڤی تاراوگەنشینی دەسەنێ، بۆ گەڕاندمەوە.

ئیدی هەر ئەو ناسینە و لەگەڵ ڕامان بوونە هاوڕێ و هەموو پێنجی مانگێک لە وادەی خۆیدا، یەکدیمان دەبینی. من ئەوم دەخوێندەوە و ئەو هەر لە منی دەڕوانی، پاشان دوای چەند یەکتر بینینێک، خولّقی ناردنی شیعری لێ کردم، من دەمویست بێدەنگ بم و مەودای ناسینەکەمان تەنیا لە سنووری ئەو ژوانەی پێنجی مانگاندا بێ، بەڵام ئەو بە جیددییەتەکەی خۆیەوە لێ نەدەگەڕا، منیش چی دی دڵیم پێ نەدەشکا، ئەوە بوو شیعری "باوکە پەنجەرەکە بکەرەوە.... قسەیەک لە دڵمدا ماوە..!"م پێدا هەنارد. سەعاتێک دواتر، کاک "سەرکەوت وەلی" بەڕێوەبەری هونەریی گۆڤارەکە، بە زمانێکی وەک ڕوحی خۆی شیرین، وەڵامی دامەوە و لە گەیشتنی شیعرەکە ئاگاداری کردمەوە.

ئافەرین بۆ ڕامان کە لەم زەمەنی فڕکانفڕکانی گۆڤار و ڕۆژنامە خراپ و پڕ لە ژاوەژاوانەدا، لەم زەمەنی بێ بەهاکردنی نووسین و پیسنووسییەدا، تا ئێستا بەرگەی گرتووە و ٢٠٠ نەمامی لەم پیادەڕۆ پڕ چاڵوچۆڵی و بێ نازەی ئەدەبیاتی کوردیدا ڕواندووە. ئافەرین بۆ ڕامان کە بڕستی ئەو هەموو کەند و کۆسپ و لەمپەڕەی هەبووە و بە هەمان ڕێتمی نەرم و جیددی و بێ لافوگەزاف و هاوسەنگانەی خۆی هاتووە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە "ڕامان" بەرانبەر دۆستایەتییەکەمان، لە من بە وەفاترە، گەر ماوەیەک دیار نەبم، لەو دووڕەوە هەواڵێکم دەپرسێ، بەڵام دەشزانێ کە چەندێک دوور بم، هەر هەست دەکەم لێمەوە نزیکە.